



# بۆچی دەبێت هەموو سەرچاوەکانی داهات بەغدا بێت؟

**لە کۆمەڵگای بێ بەرهەمدا خەڵکی بەدوای کار ناکەوێت، بەقەد ئەوەی بەدوای فرسەتێکی گەندەڵییەوە وێڵە بۆ خۆدەوڵەمەندبوون**

## بەدۆزینەوەو زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات سەربەخۆیی ئابووری زامن دەکەین

لەکۆمەڵگا بێ بەرهەمەکاندا جگە لەرۆشنبیرییەك بۆ بەکارهێنان هیچ هزرو فەلسەفەیەکی تری ئابوورییانەی لێناکەوێتەوە، ئەم واقیعە دووچاری کۆمەڵگای کوردستانی بووە، تاکەکانی ناو کۆمەڵگاکەی بەلکێشی دواکەوتوویی کردووەو، ئابووری کردووەتە پاشکەوتەی ئابوورییەکی لاوازی ناوەندو وڵاتانی دواکەوتووی دەوروبەر، تاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە بوونەتە بەکارهێنەرو بەکاربەر، بۆ بەدەستهێنانی بچوکترین خۆراك و کەرەستە پشت بە کاڵای ئیکسپایەرو بەسەرچووی دوور لە رێنماییە تەندروستییەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ دەبەستن، بەرادەیەك کوردستان بووەتە ناوچەیەکی کراوەو ئازاد بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی بیانی. زۆر لە وەبەرهێنەرو بیزنسکارە بیانییەکان پێیان وایە ئەم هەرێمە باشترین ئاسانکاری و هاوکاری بۆ دابینکردوون و بگرە ((دەروازەیەکە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و زۆر جاریش بەعێراقی نوێ ناوی دەبرێت..))، بەڵام لە راستیدا ئەوان پێیان وایە (( ئەم هەرێمە باشترین ناوچەیە بۆ ساخکردنەوەی کاڵاو کەلوپەلەکانیان و باشترین دەستکەوت و قازانجیان دەست دەکەوێت. ))، زۆربەی جاریش ئەو کەرەستەو کاڵایانەیان لە ئاستێکی باش دا نین، یاخود ئەو بازرگان و بیزنسکارانە توانای دۆزینەوەی بازاڕیان لە ناوچەکانی تر نەماوەو دووچاری بێبازاڕی بوون.. بەمشێوەیە لەناو لێشاوی کاڵاو کەلوپەلی بیانیدا تەنیا نزیکەی ٢٪ی کاڵاکانی ناو بازاڕەکانی کوردستان بەرهەمی خۆماڵین، لەکاتێکدا گەر پلانی ئابووری هەبێت ئەم رێژەیە زۆر زیاتر دەبێت. بێ بەرهەمی و لاوازی کەرتی بەرهەمهێنان وەکو کلتوورێك بەمیراتی بۆ کۆمەڵگای کوردستانی ماوەتەوە. لەم جۆرە کۆمەڵگا بێ بەرهەمەدا خەڵکی بەدوای کار ناکەوێت بەقەد ئەوەی بەدوای فرسەتێکی گەندەڵییەوە وێڵە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن، بەشێکی هۆکاری نەبوونی سەرمایەداری نیشتمانی لەم واقیعەوە سەریهەڵداوە، لەم هەرێمە پارەدار هەیە، بەڵام سەرمایەداری نیشتمانی نییە، ئاستی وەبەرهێنانی بیانی لە ١٢ ملیار دۆلار تێپەڕی کردووەو پتر لە٩٥٠٠ کۆمپانیا لەم هەرێمەدا بوونیان هەیە، کەچی دوورن لەبەرهەمهێنان و بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵییەوە، دەوڵەمەندە کوردستانییەکان روویان لە کەرتی بەرهەمهێنان نەکردوو، ئەو قازانج و دەستکەوتەی دەستیان دەکەوێت دووبارە لەبواری پێشکەوتن و پەرەپێدانی کارەکەیاندا بەکاری ناهێنن، تاکو ئێستا نەتوانراوە ئابووری هەرێمی کوردستان بگوازرێتەوە قۆناغی ئابووری بازاڕ، ئەو ئابوورییەی بەرهەمهێنەو مۆنۆپۆڵی تێدا نییە و بێ بەرنامە و بێ پلان نییە. ئاستەنگ و

**مونتینیگرۆ بەشێک بوو لەیوگوسلاڤیا کە جیابووەوە هیچ کێشەیەکی تووش نەبوو، تایوان حکومەتێکی فیدرالی بەڕێوەی دەبات و خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆیەتی**



بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بنەماکانی لیبرالییەتی ئابووری و گەیشتن بەئابووری بازاڕ ڕێگرە لەبەردەم دامەزرانی مۆدێرێکی نوێی ئابووری لەکوردستاندا، مۆدێرێك کەبەحەقیقەت بمانخاتە ناو قۆناغی سروشتی و ئاسایی ئابووری بازاڕەوە.

لاوازی کەرتی بەرهەمهێنان و کەرتە پەیوەندارەکانەوە واقیعێکی وای بۆ حکومەت خستۆتەوە زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکانی داهاتی تەنیا ئەو بوودجەیە بێت کەلەبەغداوە بۆمان دێت، لە ١٧٪ی ئەو داهاتەیە کەلەناردنە دەرەوەی نەوتی خاو بەدەست دەهێنرێت، ئەمەش لەلایەك پشتی بەبەرزی و نزمی ئاستی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەو نرخە ناسەقامگیرە جیهانییەکان بەستووە، لەلایەکی ترەوە ئەو پارەیە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی ناسەقامگیرو نائارامدایە، تەنانەت زۆربەی ناوەندە گرنگەکانی نەوت و دارایی و بانکی ناوەندی کەوتۆتە ژێر رکێڤی پارت و کەسە شۆڤێنییەکان و گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکانەوەیە، ئەمەجگەلەوەی حکومەتی عێراق ٨٥٪ی داهاتەکانی لەسەرچاوی ناردنە دەرەوەو فرۆشتنی نەوتەوە دەست دەکەوێت. پشت بەستن بەیەك سەرچاوەی ناسەقامگیری داهاتی نەوت والەهەرێمەکەمان دەکات نەبینە خاوەنی داهاتێکی بەردەوام و سەقامگیر بەهاوشێوەی زۆر لەهەرێم و ناوچەکانی جیهان، نموونەی هەرێمی پێشکەوتوومان زۆرە کەبەهیچ شێوەیەك پشتی بەحکومەتە مەرکەزییەکان نەبەستووە، ئەوەتا مونتینیگرۆ بەشێك بوو لەیوگوسلاڤیا کە جیابووەوە هیچ کێشەیەکی تووش نەبوو، تایوان حکومەتێکی فیدرالی بەڕێوەی دەبات و خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆیەتی و وڵاتی چین بەو گەورەییەوە نەیتوانی فشاربخاتە سەر ئەم دوورگەیە.

تاکو ئێستا لەم هەرێمەدا بیر لەسەرچاوەی تری داهات نەکراوەتەوە، لەم بارودۆخەدا حکومەت لەبری ئەوەی بێکاری رووپۆشراو چارەسەر بکات و بوودجەی بەگەڕخستن کە لە٧٠٪یە کەم بکاتەوە، وەکو منحە بەڵێنی دامەزراندنی ٩٦٠٠ کەسی لەدامودەزگا حکومییەکان داوە، حکومەتی هەرێم دامەزراندنی بۆ لاوان وەکو مژدەو خەڵاتێکی لێکردووە، ئەم راپۆرتە لەدژی دامەزرانی گەنجەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەتایە کەدەبووایە حکومەت دوو ئەوەندەی گەنج لەناو کەرتی تایبەت و گەورە کۆمپانیاکان هەلی کاریان بۆ بدۆزێتەوە، نەك بەمووچەیەکی کەم و لەکەرتێکی بێ بەرهەمدا دایان نێت و توانای پاشەکەوت و بەرهەمهێنانیان نەبێت و هەموو توانا جەستەیی و هزرییەکانیان بفەوتێنێت، کاتێك سەیری بودجەی ٢٠١٠ دەکەین و پارەی تەرخانکراو بۆ بوودجەی وەبەرهێنان تەنیا لە٣٠٪یە ئالێرەدا ئومێدەکان بۆ باشبوونی بارودۆخەکە کەم دەبێتەوە، بۆیە زیادکردنی ئەم بودجەیەی وەبەرهێنان والە حکومەتەکە دەکات بچێتە دۆخی سروشتی و ئاسایی خۆیەوە. لەم هەرێمە نرخی هەموو شتێك بەرز دەبێتەوە تەنیا نرخی کار نزمە، لەوڵاتێکداین کاڵاو پێداویستییەکان بەنرخی لەندەنەو کاریش بەنرخی بەنکلادیشە، گەر نرخی کار بەرز بکەینەوە خەڵکی مەجبووری دامەزراندن بەمووچەیەکی حکومی ٢٠٠هەزار دیناری نابن، بەرزکردنەوەی نرخی کاریش تەنیا لەوڵات و هەرێمێکدا جێبەجێ دەکرێت کەسەرجەم بنەماکانی ئابووری بازاڕی پەیڕەو بکات. لەژمارەکانی رابردوودا باسی ئەوەمان کرد کە ئابووری شەخسی ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بەئابووری بازاڕ، کاتێك سیستەمی ئابووری هەڵە بێت و نەچێتە دۆخی ئابووری بازاڕەوە، ناتوانرێت سەرچاوەکانی داهات جۆراوجۆرو دەوڵەمەند بکرێن، لەهەر وڵاتێکدا تەنیا سەرچاوەی داهات نەوت بێت و بوارەکانی تر پشتگوێ بخرێت ناتوانرێت پەرەپێدانی ئابووری زامن بکرێت، داهاتی نەوت بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەو ڕێکخستنەوەی ژێرخانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار باشە، نەك بۆ بەکارهێنان و مانەوە لەناو بازنەیەکی داخراوی پاشکەوتەیی ئابووری لاوازی بەغدا، ئابووری وڵاتێك کە لەراپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا ناوی هاتووە بەدووەمین وڵاتی گەندەڵ و لەریزبەندی سێیەمین وڵاتی ناشەفافدا ناو دەبرێت و، بودجەی عێراق بە شێوەیەکی نایاسایی و نادەستوری خەرج دەکرێت و بە ئاشکراش دزەپێکردنی نەوت هەیە و داهاتەکەی دیار نییە، تەشەنەکردنی گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەت لە وەزارەت و دامودەزگا حکومییەکانی بەغدا ئاستەنگێکی تری بەردەم پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری ئەم وڵاتەیە.

بۆ دەبێت ئێمە پێویستیمان بە بەغدایەك بێت،کە وەکو دەوڵەت بنەماکانی بەڕێوەبردنی تێدا لاوازە؟ تاکەی بەناچاری پابەندی حوکمێکی مەرکەزی بین و دەوڵەمەندی هەرێمەکەو لەباری ژینگەی وەبەرهێنان وامان لێنەکات بەغدا ناچاری پەیڕەوکردنی دەسەڵاتێکی نامەرکەزی بکرێت؟ کە ئەم دەسەڵاتە نامەرکەزییە لەگەڵ پێکهاتەی ئابووری و بگرە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی عێراق دا دەگونجێت، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی لەبواری کارەبادا سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت دوای ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبای گەیاندە ١٢٥٠ مێکاوات و بەتوانا ناوخۆییەکان و بەسوود وەرگرتن لەغازی سروشتی کە لەناو هەرێمەکەدا بەرهەم دەهێنرێت، بەرادەیەك ئاستی وەرگرتنی وزەی کارەبای تۆڕی نیشتمانی عێراق لە٣٠٠ مێگاواتەوە هاتۆتە سەر ٣٠ مێگاوات کارەبا، ئەی بۆچی لەکەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ وابەجێماوین؟ هۆکاری لاوازبوونی کەرتی بەرهەمهێنانی کوردستان چی یە بەرادەیەك وایلێهاتووە خاوەنی بەرهەمی خۆماڵی و پیشەسازی و کشتوکاڵ نەبین؟ لەمەش زیاتر وایلێ بێت بودجەو داهاتی هەرێم و زۆر کەرەستەو سوتەمەنی و بەنزین و کەلوپەلی خۆراکی لە ژێر کۆنترۆڵی ناوەندی بەغدا بمێنێتەوەو تاکە سەرچاوەی داهاتی حکومەتی هەرێم تەنیا بەغدا بێت؟ ئایا چی زەمانەتێکە وامان لێدەکات لەم هەرێمە کەس پێویستی بەبیری مەعریفەیی ئابووری نەبێت؟ بۆ دەبێت دوای ئەو هەموو ساڵە لەبەڕێوەبردن خاوەنی یەدەگی دراو نەبین کەتەنیا لەکابینەی پێنجدا چەند

**دروستبوونی رۆشنبیری بەکارهێنان و بێ بەرهەمی لەدیارترین شوێنەوارەکانی سیاسەتی بەعس و حکومەتی بەغدا بوو بەرامبەر هەرێمی کوردستان**

**لەوڵاتێکداین کاڵاو پێداویستییەکان بەنرخی لەندەنەو کاریش بەنرخی بەنکلادیشە**



مليۆن دۆلارێك خرايــە گەنجينەی حكومەتەوە، كێشەكانی مادەی ١٤٠ و بەشی١٧٪ی بودجەی هەرێم و گرێبەســتە نەوتييەكان و هاتنی ســوپا بــۆ ناوچــە دابڕاوەكانی كوردســتان و بودجەی هێزی پێشــمەرگەو دەركردنی كوردەكانی موسڵ و زيادبوونی كێڤی دژايەتيكردنی كورد. هەموو ئەو خاڵانە وايكردووە دەربازبوون لە پاشــكەوتەيی ئابووری بەغدا گرنگ بێت.

**ژينگەيەكی لەبار بۆ بەرهەمهێنان و واقيعێك بۆ پاشكەوتەيی ئابووری**

دروســتكردنی كۆمەڵگايەكــی بــێ بەرهەم و بەكارهێنــەر لەگرنگتريــن ئەو سياســەتانە بوو كەحكومەتی بەغدا دژ بەگەلی كوردستان پيادەی دەكرد، داخســتنی كۆلێژی كشــتوكاڵی ئاسكی كەلەك و لەكارخستنی دەيان كارگەی چيمەنتۆو شــەكرو مەڕمەڕو لابردنی بەڕێوەبەرايەتييەكانی (اصلاح زراعی ) و راپێچكردنی دانيشــتووانی ٤٥٠٠ گونــد بۆ كۆمەڵــگا زۆرە ملێيەكان و پيادەكردنــی سياســەتی (ارض محروقە و ارض محرمەو ترحيــل) و چەكداركردنی كۆمەڵگاكە بەناوو ناونيشــانی جياجيای ســەربازی و افواج خفيفــە و ئەمن و جيش شــعبی. شــوێنەواری خراپی لەسەر دياردەی بێكاريی و بێ بەرهەمی و لەناوبردنی چينی مامناوەندی لەناو كۆمەڵگاكە لێكەوتەوە، بگرە شــوێنەواری لەسەر فەرهەنگی رۆشــنبيری ئابــووری و لاوازی ســەرمايەی مەعريفی هەبوو.

لــە نەوەتەكانــی ســەدەی رابردوو لــەدوای رزگاربوونی زۆربــەی ناوچەكانی كوردســتان لەدەســت حوكمی دابڵۆسێنەری شــۆڤێنييەكانی بەغــدا، بەنــدو عيبرەتێكی بــۆ حكومەتە يەك لەدوای يەكەكانی هەرێمی كوردستان لێنەكەوتەوە، بــەوەی ئابــووری نەكاتە قوربانی سياســەت و هەرێمەكــە ببێتــە خاوەنی پلانێكــی تۆكمەی زانستی ئابووری، بگرە دامەزرانی بێ بەرنامەيی بەلێشاوی مووچەخۆر لەناو حكومەتێك كەخۆی لەخۆيدا تووشی هەڵاوســانی فەرمانبەران بووەو ژمــارەی مووچەخۆرانی گەيشــتۆتە زياتر لە ١٠٥٠٠٠٠ مليــۆن و پەنجا هەزارفەرمانبەر، ئەم حاڵەتە ئەوەندەی تــری بارودۆخەكە دژوار كرد، شكستی بەهەموو دروشمەكانی ئاوەدانكردنەوەی گونــدەكان و پێشخســتنی ئابــووری هەرێمەكە هێنــا، لەبری ئەوەی ٤٥٠٠ گونــدی وێرانكراو ئــاوەدان بكرێنــەوە، كەلەزەمەنــی گەمارۆی ئابووری دا تارادەيــەك ئاوەدانكرابوونەوە، كەچی ئەمجــارە دووبارە كۆچی پێچەوانــە لەگوندەوە بۆ شــارەكانی لێكەوتەوە، بەرنامــەو پلانەكانی حكومــەت نەيتوانی كۆمەڵگايەكی ســەربازيی بگۆڕێت بۆ كۆمەڵگايەكی بەرهەمهێن بگرە بووە كۆمەڵگايەكی مووچەخۆری بێ بەرهەم..ئەمەش بۆ نەبوونی پلانێكی ئابووری دەگەڕێتەوە، كاتێك فەلســەفەو سياســەتێكی ئابووری تۆكمە نەبێت بۆ بەهێزكردنی حكومەت و گەشەكردنی كەرتی تايبــەت، ئەو كات ســەرجەم هاوڵاتييان بەنا بۆ دامەزراندن دەبەن لە حكومەت، بەمەش حكومەت بەرەو بەرنامەو كاری مەركەزييەت و باڵا دەستی ناوەند هەنگاو دەنێتەوە، كەرتی تايبەت و بەشداری زۆرينە لەپرۆســەی ئابووريدا تەنيا بانگەشــەو دروشــم دەبێت و، فراوانبوونی كەرتی حكوميش لەسەر حسابی كەرتی تايبەت دەبێت.

**تۆ ســەيری ئەم ژينگە لەبارە بۆ بەرهەمهێنان و دۆخە خراپە بكە كە ئابووری هەرێمەكە پێيدا تێپەڕ دەبێت:** ٤ مليۆن دۆنم زەوی گونجاو لە كوردستان بۆ كشــتوكاڵ هەيەو ڕێژەی بارانبارين لەمساڵدا گەيشتۆتە ٤٥٠ ملم، ئەم ڕێژەيەش بۆ كشتوكاڵ و ئاودێری و ژيانەوەی سەرچاوە ئاوييەكان باشە، كەچی كاڵاو كەرەســتە خۆراكييــەكان لە دەرەوە دەهێنرێــت و تەنيا وڵاتی كۆماری ئيســلامی ئێران نزيكەی ٢٠ هــەزار تەن ميوەی بۆ عێراق ناردووەو نيوەی ئەم بڕەش بەر هەرێمی كوردستان كەوتووە،هاوكات لــە٩٠٪ی ئاوی هەرێم بەفيڕۆ دەڕوات و لەپێنج ســاڵی رابــردوو يەك بەنداومان بۆ دروســت نەكرا، لە نێوان ١٩٩١-٢٠٠٠ تەنيا لە پارێــزگای هەولێــر ٩٥٦ دێ نۆژەنكرايەوە، لە ســلێمانی ٤٠٠ كێڵگەی بەخێوكردنی پەلەوەر هەبوو، كوا بەرهەمەميان بۆچی بازاڕەكانی كوردستان نغرۆی بەرهەمی خراپی وڵاتانی دەوروبەر بووە؟ تاكو ٢٠٠٧ خاوەنی يەك پرۆژەی ( قەرزی بچووك . پاڵپشــتی بەرهەمی ناوخۆيی. پێشخســتنی دەزگاكانــی كۆنترۆڵی جۆری ..كارگەی گەورە و ســتراتيژی ..هتد ) نەبووين، لــەو بەروارەش بەدواوە كاری گەورەو ســتراتيژی نەكراوە، ئەمە لەكاتێكدا مۆڵەت بەســەدان وەبەرهێنەر دراوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەو ئاســانكاری و هاوكاريشيان پێشكەش كراوە. لەكۆی زياتر لە ٩٥٠٠ كۆمپانيا كە لە كوردستان تۆماركراوە، تەنيا نزيكەی ٥٠٠ كۆمپانيای پيشەسازی و كەمتر لە٦٠ كۆمپانيای كشتوكاڵی بوونيان هەيە، ئەم كۆمپانيا پيشەسازی و كشــتوكاڵييانەش زۆربەيــان لەئاســتێكی نزم و لاوازی بەرهەمهێنانــدان و توانــای كێبڕكێی بەرهەمی بيانيان نييە، توانای كارگە ناوخۆييەكان لەبەر نەبوونی ياخود لاوازی دەزگای كۆنترۆڵ و پێوانەيی ديار نييە و بەرهەمی ناوخۆيی ئەو تاك تاكە كارگانەی كەرەستەی بيناسازيش هەيە رۆژ لە دوای رۆژ بۆ دواوە دەكشێتەوە ..

بۆ نموونە كارگــەی قوتوبەندی هەرير تێچوونی ٥،٢٣٦،٥١٠مليۆن دۆلار و كارگەی بەرهەمهێنانی زەيتی ئاكرێش ١،٧٠٩،٠٠٠ دۆلاری تێچوو، بەڵام هەوڵەكان شكستی هێنا، كێ بەرپرسياری لەسەر شكستەكانی پيشەســازی لە ئەستۆ دەگرێت؟لە كاتێكدا سەرمايەداری كوردی روو لە دامەزرانی كارگەكان نەكەن گەرچی وەزارەتی پيشەســازی ئيمتيازيشــيان دەداتێ، ئايا وەزارەت خۆی نابێت چەند هەوڵێكی بــۆ دامەزرانی كارگەی گەورە هەبێت ؟

زۆربەی جاريــش كۆمپانياكانی پيشەســازی و كشــتوكاڵی كۆمپانيــای وەهميــن ئەوەتا لەم كوردستانەدا كۆمپانيا هەيە مۆڵەتی پيشەسازی هەيــە كەچی ســەرقاڵی هێنانــی ئۆتۆمبێلی بازرگانييە. سەرمايەدار هەيە زەوی بۆ بنياتنانی كارگــە وەرگرتووە تاكو ئێســتا ئامێرەكانی ديار نييە، پــرۆژەی كشــتوكاڵييە كەچــی فيللەو باڵەخانەی گەورەی تێدا دروســتكردووەو لەوديو

**داهاتی نەوت بۆ دووبارە ئاوەدانكردنەوەو رێكخستنەوەی ژێرخانی كشتوكاڵ و پيشەسازی و گەشتوگوزار باشە، نەك بۆ بەكارهێنان و مانەوە لەناو بازنەيەكی داخراوی پاشكەوتەيی ئابووری لاوازی بەغدا**

**• هۆكاری لاوازبوونی كەرتی بەرهەمهێنانی كوردستان چی يە بەرادەيەك وايلێهاتووە خاوەنی بەرهەمی خۆماڵی و پيشەسازی و كشتوكاڵ نەبين و ، لە ژێر كۆنترۆڵی ناوەندی بەغدا بمێنێتەوەو تاكە سەرچاوەی داهاتی حكومەتی هەرێم بەغدا بێت؟**



> **دامەزرانی بێ بەرنامەی بەلێشاوی مووچەخۆر لەناو حکومەتێک کەخۆی لەخۆیدا تووشی هەڵاوسانی فەرمانبەران بووە، ئەوەندەی تری بارودۆخەکە دژوار کردوو شکستی بەهەموو دروشمەکانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پێشخستنی ئابووری هەرێمەکە هێنا**

شورەو بەرزینی بەناو کێڵگەکەوە لەچەند شەتڵ و نەمامێك زیاترهیچی تری تێدا نییە، ئەم بارودۆخە ئەوە دەردەخات، لە هەرێمی کوردستان٢٦ ساڵە ئاسایشی خۆراکی بەپەراوێز خراوە و پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگا لە واقیعێکی بەکارهێنەرەوە بۆ بەرهەمهێن شکستی هێناوە، ئەم حاڵەتەش بەشێکە لە کێشەیەکی گەورە کە پێی دەڵێن:((بەپەراوێزکردن و فەرامۆشکردنی ئاسایشی ئابووری))، کە یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی ئاسایشی مرۆیی ..

لەبابەتێکی واتا ناتوانین تیشك بخەینە سەر هەموو ئەو بوارانەی کەدەکرێت لەکوردستاندا ببنە سەرچاوەی داهات، بەڵام ئەوەندە بەسە بووترێت داهاتی گەشتیاری تەنیا لەپارێزگای هەولێر بە نزیکەی ١٠٠ ملیار دینار مەزندە دەکرێت و، لەسەرجەم کوردستان لە٢٠٠ ملیار دینار نزیك دەبێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەکوردستان زیاتر لە ٧٠٠ شوێنەواری کۆن هەیە و بەسەدان ناوچەی سروشتی هەیە کەنەتوانراوە بەگەشتیاری بکرێت. ئەم کەرتە تەنیا بوارێکی کەمی ئابوورییەو بەدەیان سامانی تری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پەلەوەرو کانزایی و سروشتی دیکەی وەکو کانزاکاری و غازی سروشتی هەیە کەبەپێی پێویست وەبەرهێنانی تێدا نەکراوە.

### داهاتی نەوت بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی خۆراکی

پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بنیاتنانی ژێرخان و بوژانەوەی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیی و دەیان دروشم و بەرنامەی تر، کە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو تاکو ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت وسەدان ملیۆن دۆلاری تێدا خەرج کرا، نەیتوانی کۆمەڵگای کوردستانی بباتە قۆناغی بەرهەمهێنان، گەرچی نیشانە ئابوورییەکان و ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی رێژەی بێکارییان لەهەرێمەکە بۆ ٦٪ خەمڵاند بەڵام پێ دەچێت ئەم رێژەیە روو لەبەرزبوونەوە بکات لەگەڵ نەمانی فرسەتەکانی دامەزراندن لە کەرتی گشتی و ئەو بێ بازارییەی دووچاری ناوچەکەو عێراق و کوردستان بووە، هاوکات گەرچی رێژەی هەژاریش بەراورد بەعێراق کەمترە بەڵام مەترسی ئەوە هەیە ئەم رێژەیە بۆ ١٨٪ بەرزبێتەوە بەتایبەتی گەر بێتوو کێشەی هەڵاوسانی نرخەکان بەمشێوەیە روو لەبەرزبوونەوە بکات و بودجەی حکومەتی هەرێمیش زیاتر لەپەرلەمانی کوردستان دوا بخرێت و حکومەتیش بەدوای سەرچاوەی داهاتی نوێ نەکەوێت، تاکە سەرچاوەیەکیش کەتوانای کێبرکێکردنی بەرهەمی بیانی لەم قۆناغەدا هەبێت پەرەپێدانی پیشەسازی خۆراکییە، کەلەلایەك هەل و فرسەتی کاری راستەوخۆو ناراستەوخۆ دابین دەکات لەلایەکی تریشەوە کەرتی کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە دەبات و دراوی نیشتمانی دیناریش چی تر ئاودیوی دەرەوەی هەرێمەکە ناکرێت، بێگومان گەشەکردنی فەرهەنگی بەرهەمهێنان و رۆشنبیری ئابووریشی لێدەکەوێتەوە، گرنگی پیشەسازی خۆراکی لەوەدایە دەکرێت بەشێوەیەکی باش لەناو هەموو ناوچەو شوێنەکانی هەرێمەکەدا دابمەزرێنرێت و دابەشکردنێکی دادوەرانەی پیشەسازی و هەلی کار بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستانی لێدەکەوێتەوە..

> **٤ ملیۆن دۆنم زەوی گونجاو لە کوردستان بۆ کشتوکاڵ هەیەو رێژەی بارانبارین لەمساڵدا گەیشتۆتە ٤٥٠ ملم، ، کەچی کاڵاو کەرەستە خۆراکییەکان لە دەرەوە دەهێنرێت و ٩٠٪ی ئاوی هەرێم بەفیرۆ دەڕوات**

### ئاسایشی ئابووری بێ بەدەستهێنانی وزە بنیات نانرێت

بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی کارو بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی و نەتەوەیی لەو خاڵە ستراتیژییانەن کە ئاسایشی ئابووریمان پتەودەکات، سەرەتای رێگاش لە بەدەستهێنانی وزەوە سەرچاوە دەگرێت، وزە واتە هێزو دەربازبوون لە پاشکەوتەیی ئابووری، دامەزرانی هەریەك لە پرۆژەی داناغازو سێ وێستگەی ٥٠٠ و ٧٥٠ مێگاواتی کارەبا لەسەر پارێزگاکەی کوردستان و کارکردن بۆ دەرهێنانی نەوت و دانانی پاڵاوتگە، هەوڵێکی ئومێد بەخش و سەرکەوتووە، لە هەرێمێکدا کە بەدرێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر شاڵاوی داگیرکردن، دواتر دامەزرانی چەند کارگەیەکی وەکو دروستکردنی شیش و چیمەنتۆ کاریگەری لەسەر پێشخستنی کەرتی بەرهەمهێنان هەیە. خستنەگەڕی سەرمایەگوزاری و بەگەرخستنی داهات لە پرۆژە پیشەسازییە گەورەکانی پترۆل، داهات و زەمانەت و ئارامی و سەقامگیری دەوێت، چونکە پرۆژەکانی نەوت ستراتیژی و پرۆژەی دوورمەوداو گەورەن.

### گەر بەغدا پارەو داهاتمان لێ ببڕێت چی بکەین؟

هەست کردن بە گرینگیدانی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و پشت بەستن بە توانا ناوخۆییەکانی هەرێم، جگە لە مەبەستە ئابوورییەکەی بۆ ئەو واقیعە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە عێراق و حکومەتەکانی ناوچەکە تێی کەوتوون، کە ئابووری لە خزمەت مەرامە سیاسی و ئیتنی و حزبییەکان دایە، تاکو ئەمڕۆ ئابووری لە ناوەندەکانی (بەغداو ئەنقەرەو تەهران و دیمەشق )کراوەتە قوربانی بۆ سیاسەتێکی داخراوی چەقبەستوو کە عەقڵییەتە شۆڤێنی و میلیتارییەکان دایدەرێژن و، لە دژی بوونی نەتەوەی کوردو پێگەیشتنی ئابوورییەکەی پەیرەوی دەکەن، لەم روانگەیەوە پێویستە بپرسین گەر بێتوو بەغدا کە تاکە سەرچاوەی داهاتی هەرێمەکەیە پارەمان لێببڕێت چی روو دەدات؟ ئابووری بەهێز ؛ دیموکراتییەتێکی پتەو زامن دەکات، بە بێ ئابوورییەکی بەهێز ناتوانرێت بنەما ماددییەکانی دیموکراسییەت و دامەزرانی کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن لەکوردستان دامەزرێنین. لەم تێڕوانینەوە وا پێویست دەکات هەموو توانا دارایی و مەعنەوییەکان لە پێناو ئەنجامدانی ئابوورییەکی گەشەسەندوو پێشکەوتوو بەگەڕبخرێت، لەڕێگای ئابوورییەکی بەهێزەوە دەتوانرێت ئاسۆی کەرتی تایبەت بەهێز بکرێت، کە دواتر هۆکارو کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کەمکردنەوەی قورسایی سەرشانی حکومەت دەبێت، چونکە بەبێ کەرتی تایبەت بە تەنیا حکومەت ناتوانێت پرۆسەکە بەرێت بەڕێوە، بنیاتنانەوەو ئاوەدانکرنەوەی ژێرخان تەنیا بەکەرتی گشتی ناکرێت بەڵکو کەرتی تایبەت لە فەلسەفەی نوێی ئابووری دا رۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە بەشداری هاوڵاتی لەڕێگای کەرتی تایبەت، بەشدارییە لەپرۆسەی ریفۆرم و کەمکردنەوەی فشارو قورسای سەرحکومەت، کە بەبوونی لەشکرێکی کرێکارو کارمەندو پەرپرس شاهدی ئەو حەقیقەتە یە کە حکومەت پێویستی بە ریفۆرم هەیە.

ریفۆرمی ئابووری لەپێکهاتەی کەرتە ئابوورییەکان و کەمتر پشت بەستن بەسەرچاوەی داهاتی پترۆل، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا مەرجە زۆرترین سەرچاوەی ئەم داهاتە بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان و رێکخستنەوەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان بچێت و چی تر ئەوەندە گرنگی بەکەمالییات و جوانکاری نەدرێت، بەڵکو گرنگی بەکەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پەلەوەرو دارستان و سامانی ماسی و هەنك بدرێت کەبەبێ دۆزینەوەی بازارو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان زەحمەتە ئەم سیاسەت و بەرنامە ئابوورییانە جێبەجێ بکرێت، ناکرێت چی تر حکومەتەکە ئیستهلاکی بێت و نەگەڕێت بەدوای سەرچاوەی بەدیل و باج و رسوماتەکان رێك نەخاتەوە، تۆ سەیر بکە لەساڵێکدا داهاتی دەستکەوتوو لەرسوماتی ئاو ناگاتە ملیۆنێك دۆلار لەکاتێکدا بەسەدان ملیۆن دۆلار لەمبوارەدا خەرج دەکرێت، پارەو داهاتەکانی نەوت و شارەوانی بەهەمانشێوە ١٠٪ تێچوونەکانی نییە، حکومەت تەنیا ژمێریارێك نییە وەکو مەکینەی پارە ژماردن نییە تەنیا خەرجی هەبێت بەڵکو سەرچاوەی بەدەستهێنانی پارەشە، رەنگە دامەزرانی دەرچووانی زانکۆ لەپرۆژەیەکی پیشەسازی بەرهەمهێن گرنگترین خەڵات بێت بۆ خوودی کەسەکەو دەستکەوتێکی ئابووریش بێت بۆ حکومەت، بەڵام کەڵەکە کردنی فەرمانبەران لەناو یەکە ئیدارییەکان لەبێ بەرهەمی و هەڵاوسانی مووچەخۆران و زیادکردنی بێکاری رووپۆشراو زیاتر هیچ ماناو واتایەکی تری نییە .

سەرچاوەی داهات تەنیا نەوت نییە، ئەم داهاتە تەنیا بۆ رێکخستنەوەی ژێرخان و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پێشخستنی کشتوکاڵ و کەرتەکانی تری گەشتوگوزارو خزمەتگوزاری باشە.